www.kurdistannet.org
28-12-2006 19:08بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بانگ ... سالار جەوهەر

Salar74. j@hotmail.com

ئێستاش بەو نیگایە مەستم
لەو جووتە چاوانە هەڵدێ
ئێستاش بەفرێکم خۆش ئەوێ
گەردوون لەخۆی نەمرەنجێنێ و
وەك چاوەکانی تۆ ڕەش بێ
ئێستاش شەوێ پیرۆزە لام
هێندە کپ و شەوەزەنگ بێ
تا (با) ش متکاو
مانگ و ئەستێرەی تیا وون بێ
ئێستاش روحم بۆ شیعرێ لەنجە ئەیگرێ
هەر دێڕێکی بۆڵ... بۆڵ
ترێ ی پەیڤی وەك چاوتم بۆ بگرێ
تۆ دیوتە چیمان پێ ئەڵێن
ئەڵێن چونکە ئەو شاعیرە
ئەڵقەی زێڕی دەزگیرانیی لەئەنگوست کرد
چیدی شیعری نادا لەرێژنەو ناباری
ئەڵێن چونکە بۆ یەکجاریی
لەو جووتە چاوانەیا نووست
نایاتە دەنگ تابەفرێ ڕەش بێتە خوارێ
دەسا گلارەم بانگ بدە
بلێ چونکە ئەم شاعیرە هێندە چاوەکانمی پەرست
خۆی کافر کرد
لەبەر خوا.... نا
لەجوانی ڕەشایی چاوم
ئەمجارەیان.... (بەردە ڕەش و کەعبەی) خۆشویست